راپۆرتی دانیشتنی

ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە گەڵ لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران

ڕێکەوتی 17 ی 2 ی 2007 ی زایینی لاوانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ لە گەڵ لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا دولایەن جەختیان لە سەر هاوکاری دولایەنە کردەوە، سەرەتا کاك ناسر بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات کورتە باسێکی لە سەر ڕێکخراوەکەی خۆیان و هەڵوێستی ئەوان لەسەر کارو باری تایبەت بە لاوان و هەروەها ئامانجی ئەو ڕێکخراوە لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە بە تایبەت لاوانی کۆمەڵە پێشکەش کرد، لە لایەن ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە هاوڕی نالی کاوە ئەندامی کۆمیتەی لاوانی کۆمەڵە و بەرپرسی بەشی پێوەندیە کانی لاوانی کۆمەڵە لە نۆرویژ بە شداری ئەو کۆبوونەوەیە بو، لە لایە ن هاوڕی نالی و وەفدی لاوانی دیموکرات جەختی زۆر خرایە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە

1 . بە شداری هەر دوولا لە بۆنەکان وەکو ڕۆژی جیهانی ژن، ڕۆژی جیهانی کرێکار، نەورۆز و....

2 . بەشداری لە کۆنفەرانسە سیاسییەکاندا

3 . بەشداری لە فستیوالّی کولتوری و وەرزشی

4 . بەشداری هەر دو لا لە بۆنەکانی وڵاتی نۆرویژ وەك ڕۆژی نەتەوەیی نۆرویژ

هەر وەها باس لە چەند خاڵی تریش کرا لە کۆتایی‌دا بڕیار درا کە کۆمیتەی هەر دولا دانیشتنێکی‌تر ئەنجام بدەن وتێیدا بۆ هاوکاری زیاتر و چڕ و پڕتر بەڵێن نامەیەك پێکەوە بنووسن.

دواتر کۆبوونەوەکە لە کەشو هەوایەکی زۆر دۆستانەدا کۆتایی پێهات

کۆمیتەی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لە نۆرویژ